# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و پەیوەندی بەشڵەژانەکانی دەروونیی دوای هێدمە لای ئاوارەکان
## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی

**پاڤێ جەمیل ئەحمەد ساڵح**
**قوتابی دکتورا لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەددین / هەولێر**
**بەسەرپەرشتی د.سابیر بەکر مستەفا**

**پوختەی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوەیە، هەڵێنجراوی تێزێکی دکتۆرا یە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و پەیوەندی بەشڵەژانەکانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان–توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی)، وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتورا لە زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر –کۆلێژی ئەدەبیات – بەشی ڕاگەیاندن ئەنجام دەدرێت، لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە زانینی هۆکاری پشتبەستنی ئاوارەکان بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی جەنگ و ئاوارەبووندا، هەروەها زانین و دیاریکردنی ئاستی شڵەژانی دەرونی دوای هێدمە (PTSD) لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە ، دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی شڵەژانی دەرونی دوای هێدمە (PTSD) لای ئاوارەکانی پارێزگای سلیمانی،میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وەسفییە ، لە چوارچێوەی میتۆدی وەسفیدا ڕێبازی ڕووپێوی (مسحی Survey) بەکارهێنراوە، تا گەیشتن بە ئەنجامێك بەمەبەستی دانانی پێشنیار بۆ چارەسەر ، ئەم توێژینەوەیە مەیدانییە و دەکەوێتە چوارچێوەی زانستی سایکۆلۆژی ڕاگەیاندنەوە.
کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەو خێزانە ئاوارانەی لەناو کەمپەکانی پارێزگای سلیمانی نیشتەجێکراون ، بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی سلیمانی ژمارەیان (3880) خێزانە ، لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، سامپڵێك وەرگیراوە کە ژمارەیان (418) کەس بوون لەو ئاوارانەی لەکەمپەکانی پارێزگای سلیمانی نیشتەجێکراون واتا بەڕێژەی (10.77٪) لە هەریەك لەکەمپەکانی (قورەتوو /کەلار، تازەدێ/کەلار، ئاشتی/ناحیەی عەربەت، عەربەت/ناحیەی عەربەت، بەرزنجە/عەربەت، سیتەك، کەنیسەی گەرەکی چوارچرا لە نێو شاری سلیمانیدا)، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە سامپڵی توێژینەوە فۆڕمێك ئامادەکراوە کەلەچەند تەوەرێك پێکهاتووە بەر لەوەی ئەو فۆڕمە بکرێتە بنەمای کارکردن دوای ئامادەکردنی پرسیارنامەکە کەلە (75) پرسیار و بڕگە پێکهاتبوو، بۆ ڕاستی ئامڕازەکە پرسیارنامەکە ئاڕاستەی ژمارەیەك لە پسپۆڕان و شارەزای بوارەکانی ڕاگەیاندن ، دەروونزانی و کۆمەڵناسی کرا ئەوانیش دوای هەندێك تێبینی پەسەندیان کرد، بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان (SPSS) بەکارهێنراوە، لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دا دەرکەوتووە کە وەرگر زیاتر پشت بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەکاتی جەنگ و کێشەکاندا، تەلەفزیۆن زیاتر بەکار دەهێنرێت وەك لە ئامڕازەکانی تری ڕاگەیاندن، بابەتی سیاسی زیاتر گرنگی پێدەدرێت لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە وەك لە بابەتەکانی تر ، ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان لە پلەیەکی بەرزدایە، ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە پەیوەندی بە جۆری کارەسات و ڕووداوەکانەوە هەیە، ڕاگەیاندن نەی توانیوە ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەری شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە، لە کۆتایشدا کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیار خراونەتەڕوو.

**یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە**

دەستنیشانکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیە هاوکاتە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوچەکەو جیهاندا درووستبووە، ئەو جەنگ‌و وێرانکاری و ڕووداوو کێشانەی کەلەڕێگەی گروپی تیرۆرستی داعش دروست بووە ، بەو پێیەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پەخش و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵە ڕوکێ بەهۆی کوشتن و تەقینەوە و ڕوداوە تیرۆرستیە یەکلەدوای یەکەکان کە لە ئەنجامدا خراپبوون و درووستبوونی کێشەی دەروونی لای تاکەکان بەهۆکاری ئەو کاریگەریانە ی کە بەهۆکاری فشارەکان درووستبووە، هەروەها گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە لە ئێستادا بەتەواوی چۆتە ژیانی هەموو تاکەکان بۆ ئاگابوون لە زانیاری و گۆڕانکاریەکان سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەرەکی یە بۆ پشتبەستنی وەرگر بە پڕکردنەوەی کەلێنی زانیارییەکانی لەسەر دیاردە و کێشەو زانیارییەکانی، پڕکردنەوەی حەزو ئارەزووەکانی وە بەهۆی پاڵنەرەکانی چواردەوری وەك بوونی قەیران و کێشەکان بە شێوەیەکی خۆنەویستانە پەنا بۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەبات ، هەروەها بۆ زانینی ڕۆڵبینینی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی لەلای وەرگرەکانی. پەیوەندی ڕاگەیاندن بە شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە ئەو بابەتەیە کە دەکرێت بە لێتوێژینەوە بگەینە راستییەکان لە بارەیەوە، بەڵام ئەم بابەتە کەمتر بووەتە بابەتی توێژینەوەی زانستی و توێژینەوە لە هۆکار و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کراوە، بە هەستکردن بەم گرفتە و بۆ خستنە ڕووی هۆکارەکانی و هەوڵدان بۆ پەنجە خستنەسەر ڕاستی و شیکردنەوەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی و دەرخستنی لایەنە ناڕوون و شاراوەکانی ، توێژەر هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی زانستی لێیبکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی کاریگەریی زیاتریانەوە سەرنج دەخرێتە سەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن، چونکە ئێستا ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە لای هەموو تاکێك پشتی پێدەبەسترێت بە هەموو چین و توێژ و ئاستە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و تەمەن و ڕەگەز هیتر، هەروەها باس لە شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای نمونەی توێژینەوەکە کە ئاوارەکانی پارێزگای سلیمانین.

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە**

بایەخی توێژینەوەکە لە خوودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت ، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە ،کە چوارچێوەی توێژینەوەکەیە، لەکاتی کارەسات و کێشەکاندا وەرگر بە شێوەیەکی خۆنەویستانە و بەگرنگییەکی زۆر پشت دەبەستێت بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر لە کاتی ئاسایی بۆ وەرگرتنی زانیاری و زانینی ڕووداوەکان دەربارەی کێشە و گرفتەکانی کە تووشی هاتوون بۆ زانیاری وەرگرتن و زانینی ڕەفتارکردن و زانینی دۆخی حاڵی خۆیی و کەسانی گرنگ بەلایەوە ،تاکە ڕێگەی زانینی زانیاریە و ڕێکخستنی دەروونی یە ، مرۆۋ هەرلەسەرەتای دروست بوونیەوە بە بەردەوامی بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ قورسایی ژیان بە قەیران وە ڕووداووی جۆراوجۆر ، زۆرێك لە ڕووداوەکان سروشتی بوون وەك بومەلەرزە و بورکان و گێژەڵۆکە، لافاو و زریان ، وە هەندێکی تری ڕووداوەکان دڕندەیی مرۆۋ خۆی بووە هەروەك جەنگ و وێرانکاری وبەدیلگرتن و ڕاونان‌و ترسان و تۆقاندن و داگیرکاری و ڕفاندن و ئازاردان ولەناوبردن و دەستدرێژیکردن و...هتد. بەڵگەنامە مێژوویی یەکان ئەوە دووبات دەکەنەوە کە زۆربەی چەوساندنەوە و ئازارەکانی مرۆۋ بەدەستی مرۆۋ بوون کە ڕێژەکەی زیاترە لە کارەساتی سروشتی. ڕاگەیاندن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ئەم دیاردەیە بەجۆرێك دەکرێت لایەنی باش وە خراپ ببینێت دەکرێت جێگای چارەسەری تەندروستی دەروونی بگرێتەوە لە ڕێگەی ڕێنمایی و گفتوگۆی کەسانی پسپۆر و شارەزا لەم بوارەدا و ئاشنا کردنی زانیاری و ڕێنمایی پێویست لە بارەیەوە وە بە دیوێکی تریش دا دەکرێت ئامڕازێك بێت بۆ درووستبوونی حاڵەتەکە بە کەسانێك کە ڕاستەوخۆ ئەو کارەساتەیان بەسەر نەهاتووە لە ڕێگەی درووستکردنی ترس و تۆقاندن لە سەر بابەتێك هەروەك ئەو توێژینەوەیەی کە لە ئەمریکا کراوە لەسەر (National Survey Of U.S.adults) توێژینەوە لەسەر گەنجەکانی ئەمریکا لەپاش کارەساتی تە قینەوەی (11ی سێپتێمبەر ی 2001)،لە ئەنجامدا دەرکەوتووە ئەو کەسانەی کە زۆرتر بینەری تەقینەوەکەبوون لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە زیاتر لە بە ڕێژەی (8 کاتژمێر) زیاتر تووشی سترێس و ترس بوون بەبەراوورد بەو

کەسانەی کە کەمتر بینەری دیمەنەکە بوون لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە. ئەم توێژینەوەیە گرنگی لەوەدایە کەبایەخ بەلایەنی دەروونی وەرگر دەدات بە جۆرێك پەیامە میدیایی یەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەرکی سوود گەیاندن و خزمەت بە لایەنی دەروونی تاك بگەیەنێت. لە ڕووی ئەکادیمی یەوە گرنگی یەکی گەورەی هەیە بەوەی سەرباری زانیاری نوێ دەخاتە سەر توێژینەوە ی تایبەت بەم بوارە ، هەروەها بەهۆی کەمی پەرتووك لە کتێبخانەی کوردی دەربارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن وە پەیوەندی بە شڵەژانی دەروونی سوودی دەبێت، هەروەها ڕێنشاندەر دەبێت بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە ڕووی شێوازی مامەڵەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئایندەدا لە گەڵ ئەم پرسانەدا کە دەبێتە بەرچاوڕوونی بۆیان .

**سێیەم / ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

ئامانجی یەکەم/ زانینی پشتبەستنی ئاوارەکان بە ڕاگەیاندن لە ڕووی ئامراز و ناوەڕۆکەوە لەکاتی جەنگ و ئاوارەبووندا.

ئامانجی دووەم/زانین و دیاریکردنی ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە (PTSD) لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، کە ئاوارەکانی دانیشتووی کەمپەکانی پارێزگای سلیمانین .

سێیەم ئامانجی توێژینەوەکە/ دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە(PTSD) لای ئاوارەکانی پارێزگای سلێمانی.

**دیاریکردنی چەمکەکان:**

**یەکەم / ڕۆڵ Role**

ڕۆڵ یەکێکە لە زاراوە باوەکان لە توێژینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت، توێژەر پێناسەیەکی زانستی وردوو دیاریکراوی بەدی نەکرد لە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن، ئەم چەمکانە بە مانای جیاواز بەکارهاتووە لە زۆرێك لە توێژینەوەکان کە بە پێی بوارەکان دەگۆڕێت ، وەك لە توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان. بارسۆنز (1951) پێیوایە "ڕۆڵ بریتییە لەو کار و کۆششانەی کەسێك یاخود لایەنێك دەتوانێت ئەنجامی بدات وە کاریگەری هەبێت[1] ". مصگفی (1988) ڕۆڵ ناونیشان یاخود کردارێکە بە پێی ئەو جێگە و نمونەیەی ڕەفتاری لێدەکەوێتەوە ئەگەری هەیە ڕۆڵەکان بەهۆی شەرع ،یاسا، ئەرك، یاخود کلتور و داب و نەریت دیاری بکرێت[2]. فەرەج (1989) "ڕەفتارێکی ڕێکخراوە کەسێك پێی هەڵدەستێت لە پێگە و هەڵوێستە گونجاوەکان بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵوێستەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵێك بەها و پێوەری کۆمەڵایەتی تایبەت پەیوەست بە ئاڕاستەکانەوە کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێت، مەرج نیە تەنها یەك ڕۆڵ ببینێت بەڵکو کۆمەڵێك ڕۆڵ دەبینێت[3]".

لە پێناسەکانی سەرەوەوە دەردەکەوێت لە وەرگرتنی فرمانێك یان ئەرکێك جا ئەم فرمان و ئەرکە لەلایەن کەسێکەوە یان دەزگایەکەوە یان گروپێکەوەبێت وە ڕۆڵ ئەرکە کە ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێی هەڵدەستێ بەرامبەر وەرگر لە بوارێکی تایبەت (ڕۆشنبیرکردن، هەواڵ ، هۆشیارکردنەوە ، ئاڕاستەکردن،هتر) ، وە ڕۆڵ جۆرێکە لە کردارێك کە دەزگایەك یاخود لایەنێك پەیڕەوی دەکات بە مەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر لایەنێکی تر.

پێناسەی ئیجرائی/ بریتییە لەو نمرە گشتی یەی کەئەندامانی سامپڵی توێژینەوە لەسەر برگە وپرسیارەکانی تایبەت بەڕۆڵی ڕاگەیاندن پەیوەندی بەکێشەی شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە لای ئاوارەکانی پارێزگای سلیمانی وەریدەگرن.

---

[1] Talcott-Parsons ,"The social-systemic",Lenesoe,the Fern Press, London,1951, p8 .

[2] – مصطفي شاكر سلم ، قاموس الانپروبولوجيا، مگبعه الكويت، 1988، ص829.

[3] – فرج محمد سعيد،البناو الاجتماعى والشخصيه، دار المعرفه الجامعه الاسكندريه، 1989، ص434.

**دووەم/ ڕاگەیاندن**

"ئەتو غروت(1960)" وا پێناسەی دەکات کە دەربڕینی بیروباوەڕی جەماوەرە دەربارەی هەست و ویست و ئاڕاستەکانی لە یەککاتدا، وێناکردنی دەربڕینە تایبەتی و گشتی یەکانە[1]. مصگفی (1984)گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و ڕاستی یەکانە لە ڕێگەی یەکێك لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ کاریگەری خستنەسەر وەرگر، بەمەبەستی خزمەتکردن[2]. فلاح (2005) دەڵێت "بریتییە لە گواستنەوەی بیروڕا و زانیاری و ئەزموون و پسپۆڕی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر، بەمەبەستی کاریگەری دروستکردن، باوەڕپێهێنان، وروژاندن، جوڵاندن، پەروەردەکردن، ڕۆشنبیرکردن، بەلاڕێدابردن، هاندان و یارییپێکردن، یاخود بۆ خۆشی بەخشین[3]". دەکرێت بڵێین ڕاگەیاندن بریتیە لە پشاندانی واقع گەیاندنی ڕاستی ڕووداوو هەواڵ و زانیارییەکان بەمەبەستی سوودگەیاندن بە وەرگر بە شێوازێکی بابەتی و دوور لە شێواندن ، وە لە بەرچاوگرتنی جیاوازی لایەنی دیمۆگرافی و جیۆگرافی و سایکۆگرافی وەرگر لەکاتی ناردنی پەیامەکاندا ، لەڕێگەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە(بینراو بیستراو خوێندراو). پێناسەی ڕێکاری (اجرائی) /بریتییە لەو نمرەی گشتییەی کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر بڕگەکانی پێوەری تایبەت بە پشتبەستن و بەکارهێنانیان بۆ ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن (بینراو بیستراو خوێندراو) پەیڕەوی دەکان.

**سێیەم/ شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە(PTSD)**

(DSM-III-R-1987) دا هاتووە کە هێدمە بریتیە لە "هەرچی ڕووداوێکە کە بەدەرە لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی تاك، بە ترسێکی زۆر و تۆقێن و هەست کردن بە بێ توانایی دەردەکەوێت"، بەڵام لە چاپی چوارەم دەرکەوتەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی (PTSD) و شپرزەیی پاڵە پەستۆی توند (Acute Stress Disorder) کە دووەمیان تووشبوو تیایدا زووتر چارەسەر دەکرێت بەڵام چارەسەرکردنی زۆر دەخایەنێت[4]. ریم (2003) "کاردانەوەیەك لەلایەن تاکەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە وەك (ڕووداوی سروشتی ، تاوانکاری ، بریندداربوون و ئەشکەنجەدان و فشاری دەورروبەر[5])". فایەق (2016) "(تراوما) (هێدمە) بریتییە لەو ناڕەحەتی و کاریگەریی و زیانە دەرونییانەی لەئەنجامی هەندێ ڕوداوو بارودۆخی دەرەکیدا (لەدەرەوەی دەرون) دروست دەبن، بۆ نمونە (جیابونەوە، مایەپوچی، پێکدادانی ئۆتۆمبێل ، هێنانی نمرەیەکی زۆر نزم لە تاقیکردنەوەکاندا کە زۆر نزمتربێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکان... هتد، بە مانایەکی دیکە، بریتییە لە ترسی هاوکارینەکردن لەکاتی کارەساتەکاندا، ترسی ئەوەی هیچ یەکێك بەهانای خۆی یان کەسە نزیکەکانەوە نەیەت و پارێزگاریان لیێ نەکات، دەرئەنجام زیان بە دەرونی خۆی یا کەسە نزیکەکان بگات[6]" . دەکرێت بڵێین هێدمەی دەروونی بریتییە لە: لێکەوتەی کارەساتی (سروشتی و دەستکرد) لەسەر تاکی بەرکەوتووی کێشەکان بەتایبەت جەنگ کە دەرهاویشتەی وێرانکاریە، تێکشکانی مرۆیی دروست دەکات لەسەر تاك و کۆمەڵ ، کەبە شڵەژانی دەروونی دوایی هێدمە PTSD ناسراوە.

هێدمە (شۆك) :حاڵەتێکی دەروونییە لە تاکێکدا دروستدەبێت کە بەر ڕووداوێکی دەرەکی نەخوازراوی چاوەڕواننەکراو بکەوێت کە ڕووداوەکان سروشتی بن یاخود مرۆیی بەهۆیەوە بارگرژی و شڵەژانی دەروونی لەسەر کەسەکە دروست دەکات .

پێناسەی ئیجرائی: بریتیە لەو نمرە گشتیەی کەئەندامانی سامپڵی توێژینەوە لە سەر بڕگەکانی پێوەری تایبەت بەشڵەژانی دەروونی دوای هێدمە PTSD وەریدەگرن.

---

1– عبداللطیف حمزه، الاعلام والدعایه، بغداد، مکتبه البغداد، 1978،ص23.

2– مصطفي ترکی، وسائل الاعلام ، واپرها فی شخصیه الفرد، مجله الفکر ، ج4،الکویت ، وزاره الاعلام الکویتیه ، 1984،ص58.

3– فلاح کاظم المحنه، علم الاتصال بالجماهیر، موسسه الورق للنشر والتوزیع، عمان ، 2005،ص17.

4– Everett M.Rogers and D, Lawrence Kincaid, (1981), “Communication Networks”. The free Press, A Division of Macmillan Co.,P 81-83.

5– ریم محمد، الصدمات النفسیه لدي الاطفال اثناء الحرب، المرکز الانمائی الاجتماعی، لبنان، 2003،ص228.

6– فایەق سەعید، پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر، دەزگای ڕۆشنبیری مارگرێت، سلیمانی، 2016،ل20.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- توێژینەوەی (ئیبراهیم و جمیل)(2015) بە ناونیشانی نیشانەکانی شڵەژانی توندی دوای زەبر(PTSD)و پەیوەندی بە هاوسەنگی هەڵچوونی لەلای پەنابەرە سوریەکان لە شاری (هەولێر). سنوری ئەم توێژینەوەیە دیاری دەکرێت بە پەنابەرانی سوریا کە نیشتەجێن لە کەمپەکانی سنوری پارێزگای هەولێر، لەماوەی نێوان (5/2013-5/2014) ، توێژەران دوو پێوەریان بەکارهێناوە کە بریتین لە (پێوەری هارفارد بۆ نیشانەکانی زەبری دەروونی، وە پێوەری هاوسەنگی هەڵچوونی، نموونەی توێژینەوەکە ژمارەیان (617)پەنابەرە، پاش کۆکردنەوەی داتاکان وە چارەسەرکردنی ئاماری بە پرۆگرامی (spss) ئەم ئەنجامە دەرکەوت کە ئاستی نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی دوای زەبر لای نموونەی توێژینەوەکە گوزارشتی ئاماری هەبووە وە ڕێژەی نیشانەکان (33.2٪)بووە، وە ئەنجامەکانی جیاوازی نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی دوای زەبر لەلای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز ) جیاوازی ئاماری نەبووە، بەڵام بە پێی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی (تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ) جیاوازی ئاماری هەبوو لای نموونەی توێژینەوەکە.

2- توێژینەوەی نوری یاسین هەرزانی (2003) بەناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامدانی تاوان) ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە، بۆ وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکەی (300) تاکی بەشێوەیەکی یەکسان لەهەردوو شاری سلیمانی و هەولێر وەرگرتووە، نموونەی لێکۆڵینەوەکەی هەڕەمەکی چینایەتییە ، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە ، لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە زانینی ڕۆڵی نەرێنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ڕەفتار و بەهای تاکەکانی کۆمەڵگە، لە گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان بریتییە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن ململانێی نێوان گەورەکان و توندوتیژییەکان بۆ گەنجان و تازە پێگەیشتوان دەخاتە ڕوو، بەمەش فێری ئەو ڕەفتارانە یان دەکات.

3- توێژینەوەی خاوەر سالح مستەفا(2007) بەناونیشانی (نیشانەی تێکچوونەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی (PTSD) لای ئافرەتە بارزانییەکانی شالاوی ئەنفال دا ) ، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی یە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە لە ئافرەتانی کوردی بارزانی کە ژمارەیان (200) ئافرەت بووە، لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوەو چاوپێکەوتن توێژەر توێژینەوەکەی ئەنجام داوە، لە گرنگترین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێوانە کردنی ئاستی هێدمە (PTSD) لەلای کۆمەڵی توێژینەوە کە ئافرەتانی پاشماوەی شاڵاوی ئەنفالی بارزانین، لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان، ئاستێکی بەرزی هێدمەیان هەیە.

**ڕێکارەکانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە مەیدانییەو دەکەوێتە چوارچێوەی زانستی سایکۆلۆژی ڕاگەیاندنەوە، توێژەر بەمەبەستی ئاشنابوون و وەسفکردنی رادەو ئاستی پەیوەندی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە(PTSD)لای ئاوارەکان ، پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی بە ڕێبازی (ڕوپێوی بە نمونە) لە هەنگاوە یەك لەدوای یەکەکانی توێژینەوەکەدا پیادەی کردووە.
کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەو خێزانە ئاوارانەی لەناو کەمپەکانی پارێزگای سلیمانی نیشتەجێکراون ، بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی سلیمانی ژمارەیان (3880) خێزانە ، لەکۆمەڵگەی توێژینەوە، سامپڵێك وەرگیراوە کە ژمارەیان (418) کەس بوون کە تەمەنیان لەسەروو (18)ساڵەوەیە لەو ئاوارانەی لەکەمپەکانی پارێزگای سلێمانی نیشتەجێکراون واتا بەڕێژەی (10.77٪) لە هەریەك لەکەمپەکانی (قورەتوو /کەلار، تازەدێ/کەلار، ئاشتی/ناحیەی عەربەت، عەربەت/ناحیەی عەربەت، بەرزنجە/عەربەت، سیتەك، کەنیسەی چوارچرا).

بۆ كۆكردنەوەی داتا و زانیاری لە سامپڵی توێژینەوە فۆڕمێك ئامادەكراوە كەلەچەند تەوەرێك پێكهاتووە بەر لەوەی ئەو فۆڕمە بكرێتە بنەمای كاركردن دوای ئامادەكردنی پرسیارنامەكە كەلە (75) پرسیار و بڕگە پێكهاتبوو، بۆ ڕاستی ئامرازەكە پرسیارنامەكە ئاڕاستەی ژمارەیەك لە پسپۆران و شارەزای بوارەكانی ڕاگەیاندن ، دەروونزانی و كۆمەڵناسی كرا ئەوانیش دوای هەندێك تێبینی پەسەندیان كرد، بۆ دەرخستنی جێگیری شێوازی دووبارە تاقیكردنەوە (Test Retest Reliability) بەكارهێنراوە بەمەبەستی دەرخستنی نیشانكردنی پەیوەندی وەڵامەكان لەنێوان دابەشكردنی یەكەم تاقیكردنەوەی پێوەرەكە كەبەسەر (40) یەكە لە نمونەی توێژینەوەكە بەهەڕەمەكی دابەشكرابوو ، لەگەڵ دووەم تاقیكردنەوەی پێوەرەكە كە دوای (20) ڕۆژ بەسەر هەمان ئەو (40) یەكەیە دابەشكرابۆوە، بەبەكارهێنانی هاوكێشەی پەیوەستی (پێرسۆن)، دەركەوت كە جێگری لەوەڵامەكانی تاكەكاندا بە ئاستی (0.92) كە ئەمەش نیشاندەری پەیوەستیەكی باشە لەنێوان وەڵامەكانی تاقیكردنەوەی یەكەم و دووەمی پێوەرەكەدا ، پاش كۆكردنەوەی فۆڕمەكان لەلایەن توێژەرەوە لە بەرتوێژان، توێژەر هەستاوە بە بەتاڵكردن‌و شیكردنەوەی زانیارییەكانی فۆڕمی ڕاپرسییەكەی بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی ئاماری (SPSS) (Statistical Package For The Social Sciences) بەكارهێناوە بەهۆی كۆمپیوتەرەوە بە بەكارهێنانی كۆمەڵێك ئامراز و یاسا و هاوكێشە كەلەبەرنامەكەدا بەردەستن .

**خستنەڕووی زانیارییەكان و ئەنجامەكانی توێژینەوەكە**

**ئامانجی یەكەم/** سەبارەت بە ئاستی پشتبەستنی نمونەی توێژینەوەكە بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن كاریگەری لەسەر جۆری وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیار و بڕگەكان هەیە، لە یەكێك لە بنەماكانی تیۆری پشتبەستن بە ڕاگەیاندن ئەوەیە كە (تاكەكان چەندە لە ڕاگەیاندنەوە نزیكبن لە ڕێگەی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە ، ئەوەندە كاریگەرترن بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن )لەبارەی هەر هەواڵ و زانیارییەك سەبارەت بە بارودۆخە جیاجیاكان بە شێوەیەكی گشتی وە بابەتە كانی پەیوەست بەخۆیان بە شێوەیەكی تایبەتی.

خشتەی ژمارە (1) هۆكاری پشتبەستنی نمونەی توێژینەوەكە بەئامرازەكانی ڕاگەیاندنەوە دەردەخات، كەوا دەكات بەڕاگەیاندنەوە پەیوەستبن وە سەرچاوەی سەرەكی بەدەستهێنانی زانیاری بێت بۆیان.

***خشتەی* (1)**

**هۆكاری پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوەكە بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن**

| هۆكارەكان | دووبارە | پلە |
|---|---|---|
| زانیاری گشتیم پێ دەدەن | 313 | یەكەم |
| زانیاری لەسەر پرسی ئاوارە و گرفتەكانیان پەخش دەكەن | 240 | دووەم |
| باس لە موعانات و ئازاری ئاوارەكان دەكات | 235 | سێیەم |
| پێداویستیە دەروونی و ویژدانەیەكانم پڕ دەكاتەوە | 228 | چوارەم |
| دەنگی ئاوارەكان دەگەیەنێتە دەرەوە | 189 | پێنجەم |
| هیتر | 15 | شەشەم |
| كۆ | 1220 | |

بە هەڵبژاردنی زیاتر لە بژاردەیەك لە لایەن یەكەكانی سامپڵی توێژینەوەكەوە لە خشتەكەوە دەردەكەوێت كە بە پلەی یەكەم ئامرازەكانی ڕاگەیاندن سەرچاوەی زانیارین واتا كە یەكەكانی سامپڵی توەژینەوە پێویستیەكی زۆریان بە زانیاری هەیە ، وە بە پلەی دووەم برگەی زانیارییە لەسەر پرسی ئاوارەكان و ئەو گرفت و كێشانەی كە هەیانە ، بۆیە دەیانەوێت لەم سەرچاوەیەوە ڕێگا چارەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەو دۆخەی كە تیایدان، وە بە پلەی سێیەم بە هۆكاری باسكرنی ئازار و موعاناتی ئەوانە ، پاشان بە پلەی چوارەم پشت بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەبەستن بە هۆكاری ئەوەی كە پێداویستیە دەروونی و ویژدانییەكانیان بۆ پڕبكاتەوە ، هەروەها بە پلەی پێنجەم هۆكاری ئەوەی كە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەنگی ئەوان بگەیەنێت بە جیهان تاوەكو لەم ڕێگەیەوە مافەكانیان بۆ بگەڕێتەوە وە ئەو ستەمەی كە لێیان كراوە و تووشیان بووە بناسێنرێت، وە بە پلەی شەشەم خۆی دەبینێتەوە لە هۆكارە كانی تر كە زۆر جار تایبەتین .

پرۆسەی ڕاگەیاندن پرۆسەیەكی دوولایەنەیە بە جۆرێك تەنها ڕاگەیاندن ناتوانێت پەیامەكانی خۆی بگەیەنێت و وەریشبیگرێت لەلایەن وەرگرەوە بەو مانایەی كاریگەری دروستبكات ، بەڵكو پێویستە ڕاگەیاندنیش وەرگر بە هەند وەربگرێت و بزانێت بۆ كێ كاردەكات و چۆن بیردەكەنەوە وە بە چ كاریگەرییەك پەیامەكانیان دەگاتێ زانای ئەمریكی "هارولد لاسویل"(1948) سەبارەت بە كاریگەرییەكانی ڕاگەیاندن بیرۆكەیەكی پێشكەش كرد كە تیایدا پێنج پرسیار لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش (كێ؟ چی دەڵێت؟ بەچ ئامرازێك؟ بۆكێ؟ كاریگەرییەكانی چییە؟)[1] ، پێی وایە كارلێكی ئەم ڕەگەزانە پێكەوە دەتوانن ئاستی كاریگەرییەكانی ڕاگەیاندن دەربخەن. یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە پشت بە هەموو ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی وەك (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار، ئینتەرنێت) دەبەستن ، بۆیە پێویستە بزانرێت كاریگەرترین ئامرازی ڕاگەیاندن لای ئاوارەكان دەستنیشان بكرێت.

**خشتەی ژمارە( 2 )**

**ئاستی پشتبەستنی یەكەكانی نمونەی توێژینەوەكە بۆ ئامرازە جیاوازەكانی ڕاگەیاندن ڕوون دەكاتەوە**

| ئامرازەكانی ڕاگەیاندن | هەموو جار | | هەندێ جار | | كەم جار | | هیچ جار | | كۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| كەناڵی ئاسمانی | 276 | 66.0 | 129 | 30.9 | 10 | 2.4 | 3 | 0.7 | 418 | 100 |
| كەناڵی ناوخۆیی | 45 | 10.8 | 157 | 37.6 | 64 | 15.4 | 153 | 36.4 | 418 | 100 |
| ڕۆژنامە و گۆڤار | 7 | 1.7 | 56 | 13.4 | 158 | 37.8 | 197 | 47.1 | 418 | 100 |
| ئێزگە ( رادیو ) | 63 | 15.1 | 115 | 27.5 | 169 | 40.4 | 71 | 17.0 | 418 | 100 |
| ئینتەرنێت | 161 | 38.5 | 88 | 21.1 | 81 | 19.4 | 88 | 21.1 | 418 | 100 |

هەروەك لە داتاكانی ئەم خشتەیەدا دەركەوتووە بە دەرهێنانی ڕێژەی سەدی ڕادەی زۆر دووبارە بونەوەی بەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە زیاتر لە هەڵبژاردەیەك هەڵبژێردراوە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەكەوە ، بە مەبەستی زانینی ڕادەی بەكارهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن،لە نێو ئامرازەكان دەردەكەوێت كە بە پلەی یەكەم كەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی دێت بۆ وەڵامی هەمیشە بەكارهێنانی تەلەفزیۆن لای سامپڵی توێژینەوەكە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی[2] (مهدی،

[1]– انشراح الشال، مدخل الى علم الاجتماع الاعلامی، دار الفكر العربی، القاهره، 2001،ص41.

[2]– رباح احمد مهدی، كاریگەری توندوتیژی تەلەفزیۆن لەسەر خێزانی عێراقی، وەرگیراوە لە توێژینەوەی ماستەری، عمار نجم الدین هواس، پەیوەندی راگەیاندن بە توندوتیژییەوە لە هەڵبژاردەكانی هەرێمی كوردستاندا، پێشكەش بە كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین– هەولێر،2011.

2011) یەکدەگرێتەوە، دەرکەوتووە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی لە بینراو، بیستراو و خوێندراو هەریەکە و بە ڕێژەیەك کاریگەری لەسەر وەرگر هەیە وە بە بەرزترین ڕێژە لە بەرژەوەندی تەلەفزیۆنە. وە بە پلەی دووەم ئینتەرنێتە کە بریتیە لە بەکارهێنانی (فەیس بووك ، تویتەر، ئینیستاگرام ، یوتوب، ماڵپەڕە هەواڵیەکانو سایتەکان ،...) پاشان (ڕادیۆ)و کەناڵی ناوخۆیی دێت ، ڕۆژنامە و گۆڤار بەدوای یەکدادێن. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە ، کە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەیە و بەکاردەهێنرێن لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە ،بەڵام ئەو ئەنجامەی کە سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەیەکی زۆر و یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی بەکاردەهێنن ، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەکارهێنانی تەلەفزیۆن ئاسانترە وە لە هەموویان بەربڵاوترە و لەزۆربەی ماڵەکاندا بونی هەیە و هەموو چین و توێژەکان و ئاستەکانی تەمەن و ئاستە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری تەماشای دەکەن و دەتوانن لە پەیامەکانی بگەن، بەبەراوورد بە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن کە پێویستی بە زانیاری و خوێندەواری زیاترە، پاشان کەناڵە سەتەلایتیەکان بەردەستترو پەخش و کوالیتی باشتر و ئاسانتر وەردەگیرێت لە کەناڵی ناوخۆیی ، کەناڵی ناوخۆیی بەهۆی بوونی جەنگ و کارەسات و ڕووداوەکان کە ڕووی داوە لاواز بوون و نەماون بۆ ئەو ناوچانەی کە جەنگی تیا کەوتۆتەوە ، پاشان ئەگەر هەبن پەخشەکەیان زۆر بەکەمی دەگات بە ئاوارەکان کە ئێستا لە کەمپەکان نیشتەجێن لە هەرێمی کوردستان – پارێزگار سلیمانی کە چەندین کیلۆمەتر دوورە لە ناوچەکانی نیشتەجێی پێشوویان و شوێنی کەناڵە ناوخۆیەکان، کەناڵی ئاسمانی هەمەڕەنگە ئاوارەکان دەتوانن ئەو کەناڵەی کە خۆیان پەسەندی دەکەن بیدۆزنەوە و بە پەخشێکی باشتر بەهۆی ئامێری سەتەلایتەوە.

بە پلەی دووەم ئینتەرنێت دێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی تەکنەلۆژیا ناسراوە زۆربەی کەس بەئاسانی دەتوانن ئینتەرنێت بەکاربهێنن ، بەکارهێنانەکانی زۆر فراوانە بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنرێت ، لەم سەدەیەدا مرۆڤی هاوچەرخ بە ئەستەم دەتوانێت بە ئینتەرنێتەوە پەیوەندی نەبێت ، هۆکارێکی باشی گواستنەوەی زانیاریە بەئاسانی لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەك و ئایپاد و لاپتۆپ ...، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

زیاتر کەسانی خوێندەوار و شارەزا لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەتوانن کاری لەسەر بکەن و لە ڕووی بەکارهێنانەوە لای سامپڵی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گەنجان وە بەتایبەت ڕەگەزی نێر لە کەمپەکاندا ئەم ئامرازە زیاتر بەکاردەهێنن ، بەردەست نیە بۆ هەمووان بە هۆی کەمی شارەزایی و خوێندەواری و نەبوونی توانای ئابووری بۆ بەدەستهێنانی ئینتەرنێت بەهۆی پێویستبوونی بە بوونی ئامرازی تر بۆ بەکارهێنانی.

لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی بوون و فراوان بڵاو بوونەوەی مۆبایلی زیرەك و ئۆفەرەکانی خزمەتگوزاری تەلەفۆن ڕێژەی بەکارهێنان بەرزە بە بەراوورد بە ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن.

بە پلەی سێهەم ئێزگە (ڕادیۆ) بەکاردەهێنن کە بەکارهێنانی ڕادیۆ ئاسانترە لە ئامرازەکانی تر کە لە ڕێگەی شەپۆلی کاهرۆموگناتیسی یەوە پەیامەکان لە دوورترین شوێنەوە دەگات و لە ڕێگەی ئامێرێکی سادەی وەك ڕادیۆ کە دەتوانرێت لە هەرجێگایەك بێت بەکاربهێنرێت لەناو ئۆتۆمبێل و شوێنی کار و حەوانەوە.

بە پلەی چوارەم لە بەرژەوەندی کەناڵی ناوخۆیی دێت کە ڕێژەیەکی کەمە کە زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەو کەناڵە ناوخۆیانەی کەلە هەرێمی کوردستان و هەندێك کەناڵی ناوچەکانی خۆیان کە بە شەپۆلێکی کەم دەگاتە لایان .

کەمترین پلە لە بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنانی ڕۆژنامە و گۆڤارە بە پلەی پێنجەم سامپڵی توێژینەوەکە ، خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤار ڕووی لە کەمی یە ، قەیرانی کەمی خوێندنەوە لەناو سامپڵی توێژینەوەدا بەرچاو دەکەوێت ، هۆکارەکەی بەهۆی نەگەیشتنی ڕۆژنامەو گۆڤارە بە دەستی ئاوارەکان وە بە هۆکاری زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری لای ئاوارەکان ، جیاوازی زمان ، کە هۆکارن بۆ کەمی ئەم ڕێژەیە لە پشتبەستنیان بە ڕۆژنامە و گۆڤار بۆ بە دەستهێنانی زانیاری .

داتاکانی خشتەی ژمارە(3) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کام بابەت لای سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە جێگەی بایەخە بۆیان و گرنگی پێدەدەن بەدەر لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە پرسی ئاوارەبوونەوە هەیە، کە ڕۆڵی هەیە لە پشتبەستنی وەرگر بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

**خشتەی ( 3 )**

**ئەو بابەتانەی کە سامپڵی توێژینەوەکە گرنگی پێدەدات لە ڕاگەیاندنەوە**

**بەدەر لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە بابەتی ئاوارەبوونەوە هەیە**

| بابەت | دووبارەبووە | پلە |
|---|---|---|
| سیاسی | 252 | یەکەم |
| تەرفهیی خۆش بەخش | 211 | دووەم |
| جەنگ و سەربازی | 197 | سێیەم |
| ئاینی | 182 | چوارەم |
| کۆمەلآیەتی و فولکلور | 173 | پێنجەم |
| وەرزشی | 157 | شەشەم |
| تەندروستی | 122 | حەوتەم |
| شوێنەوار و کلتور | 119 | هەشتەم |
| زانستی | 103 | نۆیەم |
| مێژوو و جوگرافیا | 91 | دەیەم |
| بابەتی تر | 41 | یانزدەیەم |
| کۆ | 1648 | |

خشتەی ژمارە (3) دەریدەخات بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە دیارە لە خشتەکەدا بە پلەی یەکەم بابەتی سیاسی گرنگی زۆری هەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە و بەتەواوەتی چۆتە ناو هەموو کایە کانی ژیانی تاکەوە کە گرێدراوە بە ژیان و گوزەرانی تاک ، ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لە گەڵ توێژینەوەی[1] (حسین،2011) کە دەرکەوتووە ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانیانەی کە وەرگر حەزی پێدەکات ، بە پلەی یەکەم بابەتە سیاسیەکانە ،بە پلەی دووەم بابەتە ڕۆشنبیرییەکان و بە پلەی سێهەم بابەتە زانستیەکانە. هەروەها لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بە پلەی دووەم بابەتی (تەرفیهی )گاڵتە ئامێزە کە بابەتە خۆشی و چێژ لێبینینەکان دەگرێتەوە لە (دراما،

[1]– تغرید فازل حسین، ڕۆڵی بانگەشەی ڕۆژنامەوانییەکان لە دروستکردنی ئاراستەکانی ڕای گشتی لە بابەتە نیشتمانیەکاندا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2010 بە نمونە، 2011 ، وەرگیراوە لە توێژینەوەی ماستەری ، عمار نجم الدین هواس، پەیوەندی ڕاگەیاندن بە توندوتیژییەوە لە هەڵبژاردەکانی هەرێمی کوردستاندا، پێشکەش بە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە، 2015، ل46.

گۆرانی،بەرنامەی پێشبڕکێ .... هیتر). لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سامپڵی توێژینەوەکە بۆ دەربازبوون لە قورسایی بارودۆخی ژیانیان وە ئەو خەمە گەورەیەی کە هەیانە پشتدەبەستن بەبابەتە خۆش و تەنزئامێزەکان بۆ ئەوەی بۆ کاتێکی کەمیش بێت ئەو قورسایی ژیان و ڕووداوانەیان بیربچێتەوە ، هەروەها یەکێك لە نیشانەکانی کەلە کەسی توشبوو بە شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە دا دەردەکەوێت ئەوەیە کە دەچێتە دۆخێکەوە وەك ئەوەی بیەوێت کارەساتەکە لەبیر خۆی بباتەوە بۆیە هەمیشە دوور دەکەوێتەوە لەهەر شتێك کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ی بە بابەتە کەوە هەبێت و ببێتە هۆی بیرهێنانەوەی ، سەرەکیترین شت کەبۆ ئاوارەکان بەردەستە ڕاگەیاندنە، کە بتوانن پەیوەستبن پێوەی و کاتەکانی خۆیان لەگەڵیدا ببەنەسەر بەجۆرێك ئاوارەکان لە شوێنێکی داخراوو بێ خزمەتگوزاری و شوێنی گەشت و حەوانەوەن بۆیە دەردەکەوێت پەیوەستیەکی زۆریان بە بابەتە (تەرفیهیەکانەوە) خۆشی بەخشەکان هەیە، هەروەها بەپلەی کەمتر بابەتەکانی تر گرنگی هەیە لایان.

ئەمەش لەگەڵ یەکێك لە گریمانەکانی تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەك دەگرێتەوە کە دەڵێت "جیاوازی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە پێی ئاستی سەقامگیری ئەو سیستەمەیە لەو کۆمەڵگەیەدا، کەلەوانەیە جێگیرو چەسپاو بێت ، یان لەڕ و لاوازبێت و هەمیشە لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا بێت، هەرچەندە گۆڕانکاری و تەنگەژەکان لە کۆمەڵگادا زیاد بکەن، ئەوەندەش خەڵکی پێویستی بە زانیاری و ئاڕاستەکردن و دووپاتکردنەوەی بەهاکان زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خرۆشاندنی زیاتری پێویستییەکان بۆ زانیاری و گەڕان بەدوایدا، لەم هەلومەرجەشدا جەماوەر زیاتر پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەدا پێشکەشیان دەکات".

جۆری بابەت و زانیاری گرنگی زۆری لەسەر وەرگر هەیە کە بەهۆیەوە پشت بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستن ، هەروەك توێژینەوەی کارتر و هاوەڵانی (Carter، et al،1992) دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان پلەی بایەخ پێدانی وەرگر بەو بابەتەی کە گرنگە بەلایەوە بە پێی پێویستی لەلایەن خودی خۆیەوە ، وەزیاتر بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی کە لێی دەترسێت کە سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوکێیە بۆی وە لێوەی نزیکە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانیەوە هەیە[1] .

بۆ زیاتر زانینی ئاستی پشتبەستنی نمونەی توێژینەوەکە(کە فرە زمان و فرە کلتور و بەهان) بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویستە زمانی قسەکردن ڕوون بێت وە بتوانێت بەهۆی زمانەوە پەیامەکانی بگات ، داتاکانی خشتەی (4) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کامە زمان لای سامپڵی توێژینەوەکە جێگەی بایەخە و گرنگی پێدەدەن :

**خشتەی (4)**

**خشتەی وەرگرتنی زانیاری لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بە پێی زمانی کەناڵی ڕاگەیاندن لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| زمانی بەکارهاتووی کەناڵی ڕاگەیاندن | دووبارە | پلە |
|---|---|---|
| عەرەبی | 387 | یەکەم |
| کوردی | 108 | دووەم |
| تورکی | 29 | سێیەم |
| هیتر | 17 | چوارەم |
| کۆ | 541 | |

1– Carter, R.F.,Stamm,K.R.&Heintz-Knowles,K.(1992).Agenda-Setting and Consequentiality .Journalism Quarterly, Vol.69, no.4, pp.: 868-874.

ئاشکرایە زمان پردێکی گرنگی کۆمیونیکەیشنە بۆ گەیاندنی پەیامەکان کە بەتایبەتیش لای ئاوارەکان پەیامی ڕاگەیاندن بەوزمانەبێت کە کاریگەریان لەسەردروست بکات بۆ ئارام بوونەوە و کەمکردنەوەی شڵەژانە دەروونی و هەڵچوونە دەروونیەکان. لە خشتەی ژمارە(4) دا ئەو ئەنجامە دەبینین کە زمانی عەرەبی بە پلەی یەکەمدێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی عەرەبی زمانی زۆرینەیە لای ئاوارەکان بەهۆی ئەوەی ئاوارەکان عەرەب و پێکهاتە کانی تریشی تێدایە ، بەهۆی خوێندن و نووسینی فەرمی لە تەواوی عێراقدا عەرەبییە ، پاشان نەتەوەکانی وەك ئێزیدی و شەبەك وە کاکەیی و تورکمان و مەسیحی کەناڵی ڕاگەیاندنی بەهێزیان نیە چەند کەناڵێکی کەم نەبێت کە ئەویش زیاتر ناوخۆین و لە ئێستادا کارناکەن بۆیە پشت بەکەناڵە عەرەبیەکان دەبەستن بۆ زانینی زانیاری. بە پلەی دووەم کەناڵە کوردیەکان دێن ،کە زیاتر کاریگەری بەوەوەهەیە کە ئەم ناوچەیەی ئاوارەکان تیایدا نیشتەجێ بوون لەکەمپەکان ناوچەی کوردین لەهەمانکاتدا زیاتر ئێزیدی و ئەو نەتەوانە بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵیدا کە خۆیان کوردن . بە پلەی سێهەم زمانی تورکی یە کە زۆرێك لە شەبەك و تورکمان پشتی پێدەبەستن، پاشان. بە پلەی چوارەم زمانە بێگانەکانی تری وەك فارسی و ئینگلیزی و هیتر دەگرێتەوە. لەم ئەنجامەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاوارەکان لە ناوچە و کلتورو زمانی جیاواز پێکهاتوون وە ڕاگەیاندنێکی دیاریکراو نیە کە کۆیان بکاتەوە و یەکجۆر کاریگەری دروستبکات لەسەریان ، لە یەك جۆر ئایدیا و بیرو بۆچوون ، زیاتر لە بژاردەیەك هەیە لەسەریان بۆیە جیاوازی زۆر هەیە لەنێوانیاندا شێوازی کارکردنی ڕاگەیاندن وە کاریگەری دروستکردن لەسەریان سەختە بەهۆی جۆری ئەوەی وەرگر لەجۆری تێکەڵن.

**ئامانجی دووەم/ زانینی هۆکاری دروستبوونی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە(PTSD) لای ئاوارەکان**

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش هەوڵدراوە لە ڕێگەی چەند برگەیەکەوە بگەینە زانینی هۆکارەکانی دروستبوونی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە(PTSD) لای یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی جۆری ئەو کارەسات و ڕووداوانەی کەتووشیان هاتوون ، کێشی بەدەستهاتووی برگەکانی خوارەوە ، ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەخاتەڕوو. ئاوارەکان هەموویان بەیەك ڕووداو و کارەساتدا تێنەپەریون ، هەریەکێك لەو کارەساتانەی ڕووبەڕووی ئاوارەکان بۆتەوە ، ترس و دڵەڕوکێیەکی زۆری لەناخیاندا دروستکردوە لەبەرئەوەی کارەساتی نەخوازراو و چاوەڕوان نەکراوبوون هەروەها دژ بەهەموو بەها مرۆڤایەتیەکان بوون ، کە بوونەتە هۆکاری ناسەقامگیری باری دەروونی ئاوارەکان کە لە جۆری (شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە)یە هەروەك لە خشتەی ژمارە(5) خراونەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە ( 5 )**

**پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کارەسات و نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە ( PTSD ) لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| ژ | جۆرەکانی کارەسات | یەکەی بیرسون بۆ دۆزینەوەی کارەسات و جۆری ptsd | بەها |
|---|---|---|---|
| 1 | کارەساتی جەنگ | 0.005 | 0.919 |
| 2 | ئازاردانی جەستەیی | 0.055 | 0.264 |
| 3 | ئازاردانی دەروونی | 0.052 | 0.292 |
| 4 | دەستدرێژی سیکسی | 0.019 | 0.698 |
| 5 | دوورکەوتنەوە لە خێزان | 0.277** | 0.000 |
| 6 | لەبەر چاوا کوشتن | 0.089 | 0.068 |
| 7 | ڕفاندن | 0.167** | 0.001 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 0.380 | 0.043 | ڕووخاندنی ماڵ | 8 |
| 0.859 | 0.009 | ڕووخاندنی شوێنەواری پیرۆز | 9 |

Correlation is significant at the 0.01 .**

Correlation is significant at the 0.05 .*

لە داتاکانی خشتەی ژمارە (5) ئەوە دەردەکەوێت کە کاریگەری هەریەك لە کارەساتی ڕووداوەکان بوونەتە هۆی شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە ، لەلای سامپڵی توێژینەوەکە ، هەروەها پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان کۆی کارەسات و شڵەژانە دەروونیەکان بە پلەی گۆڕاو و جیاواز لای سامپڵی توێژینەوەکە ، بە ئاستی ژمارەیی( 0.01) پێوراوە، کە بەرزترین ژمارەی پەیوەندی داری پەیوەستە بە جۆری کارەساتی (دوورخستنەوە لە خێزان)ە کە بە پلەی یەکەم دێت لە دروستکردنی شڵەژانی دەروونی کە بەبەهای (0.277)یە، بە بەهای بەڵگەیی (0.000) دێت کە بەهایەکی بەرزی ئاماریە بۆ ئاماژەدان بە بوونی پەیوەندیەکی بەهێز ، کاریگەری زۆری دروستکردوە لەسەر سامپڵی توێژینەوە بۆ درووست بوونی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە ، پاشان بە پلەی دووەم ڕوودانی کارەساتی ڕفاندنە کە بەهاکەی (0.167)ە بەبەهای بەڵگەیی( 0.001)، دێت کە پلەیەکی بەرزە بە هاوکۆڵکەی پێرسۆن لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان جۆری کارەسات و دروستبوونی شڵەژانە دەروونیەکان لای سامپڵی توێژینەوە. پاشان دەردەکەوێت جۆرەکانی تری کارەساتەکە کاریگەریەکی کەمتریان هەیە لەسەر دروستبوونی جۆری شڵەژانە دەروونیەکەدا ، وەك دەرکەوتووە لە خشتەکەدا ڕووخاندنی شوێنە ئاینی و پەرستنەکان بە پلەیەکی کەم هاتووە کە بەهاکەی( 0.009) بە ڕێژەی 0.859. لێرەوە توێژەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕەنگە هۆکارەکە ئەوەبێت ، سامپلی توێژینەوەکە لە هەندێك ناوچەدا زووتر هەڵهاتوون پێش ئەوەی شوێنەکان بە چاوی خۆیان ببینن کە ڕووخێندراون ژمارەیەکی کەمیان بینیویانە، وە ڕزگارکردنی خۆیان و کەس و کاریان لەو کاتەدا گرنگی زیاتری هەبووە. پاشان دەستدرێژی سێکسی بە بەهای 0.019 دێت بە پلەی ئاماژەداری 0.698 کە ئەمەش زیاتر بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی کەم ئاماژەیان بەو ڕاستی یەدا داوە کە دەستدرێژی سێکسیان کرابێتە سەر ، چونکە بەلایانەوە قورسە و زەحمەتە وەڵامی ئەو بابەتە بەڕاشکاوی بدەنەوە، پاشان زیاتر کوردە ئێزیدیەکان ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە بوونەتەوە. ئەم ئاماژەیە لەگەڵ توێژینەوەی [1] (ابراهیم و جمیل ) یەکدەگرێتەوە توێژینەوەکە لەسەر کۆچبەرانی سوری کراوە، دەرکەوتووە شڵەژانی دەروونی لای سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەیی هەیە بەجۆرێك ، ڕێژەیەکی بەرزی هەیە لای ئەو کەسانەی کە کارەساتی بەسەرهاتووە وە بەچاوی خۆی ڕووداوەکەی بینیوە. دەتوانین بڵێین کە بینینی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان سامپڵی توێژینەوەکە ئەگەری بەرزی ئاستی بوونی ڕێژەی شڵەژانی دەروونی زیاتر دەکات وە هەروەها جۆری ئەو ڕووداوەی کە بەسەری هاتوە کاریگەری گەورەی هەیە لەگەڵ بوونی ڕێژەی شڵەژانی دەروونی ،بەجۆرێك ئەم ڕێژەیە لای سامپڵی توێژینەوەکە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا لەکاتی چاوپێکەووتنی توێژەر بۆ ئاراستەکردنی پرسیارەکان بە سامپڵی توێژینەوەکە بە هۆی ئەوەی زۆرێك لە سامپڵەکە نەخوێندەوار یاخود جیاوازی زمان هەبوو لە زمانی نووسینی پرسیارەکان تێنەدەگەیشتن بۆیە زۆرێك لە پرسیارەکان لە شێوەی چاوپێکەوتن ئاراستەیان کراوە ، هەر بەو هۆیەشەوە ڕاستەوخۆ ئەو وەڵام و پەرچە کردارە دەستدەکەوتەوە بەهۆی ئەوەی کە زیاتر کارەساتی بەسەر هاتبوو وە ڕێژەی (PTSD) لەسەری زۆربوو بەگریان و بێئارامی و دەگەڕایەوە بۆ ساتی ڕووداوەکە بە جیاواز لەو سامپڵانەی کە کارەساتەکەیان بەچاوی خۆیان نەبینیبوو وە پێش هاتنی داعش هەڵهاتبوون وە یاخود هیچ کەسێکیان لە دەست نەدابوو ئاسایتر بوون لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و شڵەژانی زۆریان پێوەدیارنەبوو.

[1] – ڕێزان علی ێبراهیم، هیوا عبد العزیز جمیل، ێعراچ اچگراب الشده مابعد الصدمه و علاقتها بێتزان الانفعالی لدی اللاجئین السوریین ڧ مدینه اربیل، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ، بەرگی ، 19،ژمارە 2،ل ل49–68،ساڵی 2015.

سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

**ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە (PTSD)لای ئاوارەکانی پارێزگای سلێمانی**

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە پێویستە پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە بخرێنە ڕوو تا بزانرێت ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێك دەبینێت لەسەر هێورکردنەوەی شڵەژانی دەروونی تاکەکان کە بەهۆی ئەو هەموو ڕووداوانەی بەسەر ئاوارەکان هاتووە ڕاگەیاندنیش بۆخۆی ئەرکی گەورەی لەناو کۆمەڵدا هەیە وە لە گرنگترین ئەرکەکانشی کارکردنە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و ژیان دۆستی ئەبێت ڕۆڵی پۆزەتیڤی هەبێت لە کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا،لە خشتەی ژمارە (6) ئەم ئەرکە ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی ژمارە( 6 )**

**ناوەندی گریمانەیی و ئەژمارکراو بۆ سەرجەم بڕگەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵە کردن لەگەڵ شڵەژان لە لای سامپڵی توێژینەوەکە**

| ناوەندنی ژمێرەیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن | ناوەندی گریمانەیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن | ناوەندنی ژمێرەیی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە | ناوەندنی گریمانەیی شڵەژانی دەروونی دوای هێمە | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| 43.8708 | 60 | 49.5048 | 44 | 418 |

خشتەی ژمارە (6) دا دەرکەوتووە کە ڕێژەی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە (PTSD) دالە و پلەیەکی بەرزی هەیە لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە بە بەهای (49.5048) واتە ڕێژەی شڵەژان بەرزە بە بەراورد لەگەڵ کاریگەری بوونی ڕاگەیاندن لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە، بەهای ناوەندی ژمێرەیی ڕۆڵی ڕاگەیاندن (43.8708)ە واتە ڕێژەیەکی کەمە، لەم ئەنجامەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕۆڵی میدیا لاوازە لەکەمکردنەوەی لەسەرشڵەژانی دەروونی لای سامپڵی توێژینەوەکە. بە تێڕوانین لە ناوەندی ژمارەیی بوونی (شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە) لای یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە بەهاکەی زیاترە لە ناوەندی گریمانەیی، بە لێکۆڵینەوە لە بەڵگەداریی جیاوازییەکانی نێوانیان ، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە پلەیەکی بەرزی نیشانەی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە یان هەیە ، کە ماوەی بەسەرهاتی ئاوارەییان تا کاتی لێتوێژینەوەیان نزیکەی (4) ساڵ دەبێت ،ساتی کاتی کارەساتەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (مانگی ئابی 2014).

لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە پاشماوەی کارەسات و ڕووداوەکان کەبەسەر یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا هاتووە لەناخی ئەو قوربانیانەدا ماوەتەوە و کاریگەری گەورەی دەروونی لەناخیاندا درووستکردووە. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە (PTSD) ئەوەیە کە دووبارە دەبێتەوە ڕووداووەکان لە هزری کەسەکاندا وە بەردەوام بەبیریاندا دێتەوە. هەروەك لە توێژینەوەکانی پێشتردا دەرکەوتووە ،کە شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای ئەو تاکانە درووست دەبێت کە بەرکەوتووی ڕووداوو کارەساتی ناخۆشن لە ژیانیاندا ، بە جۆرێك ڕووداوەکان سرووشتی یاخود مرۆییبن،ئەم ئەنجامەش هاوتای توێژینەوەی ( مستەفا، 2007) ، دەردەکەوێت کە تاوەکو ئێستا پاشماوەی ئەو کارەساتە تاوانکاریە لەناخی ئەو قوربانیانەدا ماوە و کاریگەری بەکارە لە دەروونیاندا، ڕێژەیەکی بەرزی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمەیان هەیە لەگەڵئەوەی ماوەی توێژینەوەکە دوای (24)ساڵ لەدوای کارەساتەکەوە ئەنجامدراوە. ڕەنگە هۆکاری کەمی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و مەزنی شڵەژانە دەروونییەکە کە بەهۆی بوونی کارەسات و ڕووداوەکانەوە دروستدەبێت ، بۆ دڵنییابوون لەمەش ڕێژە و قەبارە و جۆری کارەساتەکان لە خشتەی ژمارە (7) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(7)**

**پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کارەسات و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر شلەژانی دەروونی دوای هێدمە( PTSD)**
**لای سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکانی توێژینەوەکە**

| ژ | جۆری کارەسات | بیردۆزی بێرسۆن لەنێوان جۆری کارەسات و رۆڵی راگەیاندن | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|
| 1 | کارەساتی جەنگی | $-0.137^{**}$ | 0.005 |
| 2 | توندوتیژی جەستەیی | $-0.102^{*}$ | 0.037 |
| 3 | توندتیژی دەروونی | 0.020 | 0.677 |
| 4 | دەستدرێژی سێکسی | 0.036 | 0.457 |
| 5 | دوورخستنەوە لە خێزان | $0.257^{**}$ | 0.000 |
| 6 | بینینی کوشتن و کوشتار | 0.011 | 0.829 |
| 7 | ڕفاندن | 0.060 | 0.220 |
| 8 | ماڵوێرانی ( رووخاندنی ماڵ ) | 0.082 | 0.096 |
| 9 | رووخاندنی شوێنی پیرۆز | $0.189^{**}$ | 0.000 |

**. Correlation is significant at the 0.01

*. Correlation is significant at the 0.05

له زانیاری داتاکانی خشتەی ژمارە (7) ئاماژە بەوە دەدات کە جیاوازی هەیە لە نێوان پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان و کارکردنە سەر یەکتر کە پەیوەندیەکی پێچەوانەیە واتە بەزیادبوونی گۆڕاوی یەکەم کە ڕاگەیاندنە گۆڕاوی دووەم کە جۆری کارەساتە کەم دەکات وە بە پێچەوانەشەوە بەزیادبوونی گۆڕاوی دووەم کە جۆری کارەساتەکەیە تا زیاتربێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەم دەکات، بە جۆرێك لەهەندێك لە گۆڕاوەکان ڕاستەوانە پەیوەندیەکە هەیە، لە ئەنجامەکانی خشتەکەدا دەردەکەوێت یەکەی پێنجەم پێکدێت لە (دوورکەوتنەوە لە خێزان) بە بیردۆزی یەکەی ژمێرەیی پێرسۆن کە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان هۆکاری دروستبوونی هێدمە یاخود جۆری ڕووداوەکەو ڕاگەیاندن کراوە دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە یە واتە بوونی پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە .

ڕاگەیاندن کاریگەری هەبووە لەسەری وە بە پێچەوانەوە لە یەکەی یەکەمدا کە باس لە کارەساتی جەنگی دەکات کە پێکدێت لە (تەقینەوە ، تەقەکردن، ڕفاندن، هەڵکوتانە سەر، بۆردوومان کردن). لێرەدا پەیوەندیەکە پێچەوانەیە کە بەبەهای (0.137−) دەرچووە واتە تا کارەساتەکە زیاتربێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەمتر دەبێت لە پەیوەندیەکەدا. هەروەها ئەم پەیوەندیە بۆ یەکەی دووەم بەهەمان شێوە کە (ئازاردانی جەستەیی یە ) کە پرسیارەکان دەربارەی ( لێدان – بریندناربوون – لەدەستدانی جەستە – هی تر ) هاتووە کە بەبەهای (− 0.102) دەرچوە کە پەیوەندی ڕاگەیاندن کەمە ، پاشان بۆ ئەو ڕووداوانەی تر کە بەسەریان هاتووە پەیوەندیەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەوەی لە یەکەی نۆدا کە ڕووخانی شوێنی ئاینی و نزرگاکانە پەیوەندی نێوان جۆری ڕووداوەکە و ڕاگەیاندن هەیە بە بەهای 0.189 بە بەراورد بە ئاماری ژمێرەیی 0.01 ، وە ئەوەی ئاماژەدراوە لێرەدا یەکەکانی تر بەهاکانیان نزیکە ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە تاوەکو ڕۆڵی ڕاگەیاندن زۆربێت پەیوەندیەکە ڕاستەوانە دەبێتەوە وە بەپێچەوانەشەوە تاکو جۆری کارەساتەکە زۆر بێت لەسەر سامپڵی توێژینەوەکە پەیوەندیەکە کەمتر دەبێتەوە و ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن کەم دەبێت.

بۆ زانینی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەڵسووکەوت و مامەڵەکردن لە کەیسێکی وەک کەیسی ئاوارەکان و بوونی ئەو دۆخە نالەبارەی کە تێیدا دەژین و ناسەقامگیری باری دەروونی، لە تێڕوانینی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوە هەوڵدراوە ئەو ڕاستیە ڕوونبکرێتەوە کە ئایا ڕاگەیاندن توانیویەتی کام ڕۆڵ (ئەرێنی یاخود نەرێنی) ببینێت، ڕاگەیاندن ئەبێت لەخزمەت و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەرگربێت کەواتە وەرگر ڕۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوەی پەیامە ڕاگەیاندنەکە واتە پرۆسەیەکی دوولایەنەیە لە خشتەی ژمارە (8) ئەم لایەنە خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارەی ( 8 )**

**خستنە ڕووی پەیوەندی نێوان نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە وە ڕوڵ ی ڕاگەیاندن**

| گۆڕاوەکان | ناوەندنی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ژمارە | بیردۆزی بێرسۆن بۆ بەیەکبەستنی راستەهێی سادە | ئاستی بەلگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| نیشانەکانی شلەژانی دەروونی دوای هێدمە ptsd | 49.5048 | 8.90753 | 418 | 0.009 | 0.859 |
| ڕۆلی ئامرازەکانی راگەیاندن لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی پەیوەندی بەشلەژانەکانی دەروونی دوای هێدمە | 43.8708 | 7.75262 | 418 | | |

داتاکانی خشتەی ژمارە (8) دەرکەوتووە کە ئەو گریمانەیە پشتڕاست ناکاتەوە کە پەیوەندی ڕاستەوانە هەبێت لە نێوان ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە، بە پێی بەهای پێرسۆن کە ڕێژەکەی دەکاتە (0.009) کە ڕێژەیەکی گونجاو نیە بۆ بەهای (المستوی المعنویە) دەکاتە (0.859)، بەجۆرێك نیشانەکانی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (49.5048) وە بەهای لادانی پێوەری دەکاتە (8.90753) ،وە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان وە پەیوەندی بە شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە بەبەهای ناوەندە ژمێرەی (43.8708) وە بەهای لادانی پێوەری دەکاتە (7.75262). کەواتە ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەبینیوە لە کەمکردنەوەی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لەسەر ئاوارەکان، زۆرێك لە هۆکارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەردەوام ڕاگەیاندن پەخشی دووبارەی حاڵەتەکەی بۆکردوونەتەوە بەجۆرێك کە ترس و دڵەڕاوکێی زیاتری بۆ ئاوارەکان دروستکردووە لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئەو ڤیدیۆ و پەیامانەی کە داعش بڵاویان دەکاتەوە وە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دووبارەی دەکەنەوە بێ گوێدانە باری دەروونی وەرگر وەزۆرجار ڕاگەیاندنەکان بۆ بوونی هەواڵ و سبقی ڕۆژنامەنووسی خۆیان بابەتەکان زۆر گەورە دەکەن وە بەشێوەیەکی نازانستیانە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکان دەکەن جیاواز لەوەی کە دەبێت ڕاگەیاندن بەشێکی گرنگ بێت لە تەندرووستی و چارەسەری دەروونی. بە پێی ووتەی ئاوارەکان ئەوان داعشیان لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانی ڕاگەیاندنەوە ناسی بەجۆرێك ترس و دڵەڕوکێی لادروستکردوون کە شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵن بێئەوەی هێشتا داعش گەیشتبێتە شوێنەکەیان وە نەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، کەواتە ڕاگەیاندن وەك هۆیەك بۆ دروستبوونی هێدمە کە ڕۆڵی بینیوە ، وەلە پاش هێدمەش نەیتوانیوە بە شێوەیەکی تەندرووست مامەڵە بکات بۆ هێورکردنەوەی لایەنی دەروونی ئاوارەکان بەڵکو بەهۆی زۆر دووبارە کردنەوەی وێنەی ڕووداوەکانەوە بەردەوام بابەتەکەی لاتازە کردوونەتەوە .

لەم ئەنجامەدا دەردەکەوێت ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان ڕێژەیەکی بەرزی هەیە کە بەهای ناوەندە ژمێرەی دەکاتە (49.5048) کە کاریگەری دەربەدەری و ئاوارەبوون بەڕوونی دەردەکەوێت، لێکۆڵینەوەی لابان و ئەوانی تر (Laban، etal، 2004) کە لەسەر پەناهەندەکانی عێراق ئەنجامیانداوە لەوڵاتی هۆڵەندا، (چەند ئەنجامێکی دەرخستووە کە هێما بەوە ئەدات خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و شپرزەیی دەروونی و جەستەییەکانیان تێدا بەدیدەکرێت)[1]. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ڕێژەیەکی بەرزی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە هەیە لە نێوان یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە کە ئاستەکەی جیاوازە لە کەسێك بۆ کەسێکی تر بە هۆکاری جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و نەتەوە و ئاین و ئاینزا و خوێندەواری و تەمەن و ڕەگەز و ئەو کارەساتانەی کە تووشیان هاتوون، لە هەمانکاتدا بە ڕێژەیەکی جیاواز پشتیان بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بەستووە بە جۆرێك پێویستیەکانیان پاڵپێوەنەر بووە بۆ ئاستی کاریگەربوونیان بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ، وە لە هەمانکاتدا ڕاگەیاندن نەی توانیوە بە پێی پێویست هاوکاربێت ڕۆڵی هەبێت لەکەمکردنەوەی شڵەژانە دەروونیەکانی ئاوارەکان کە تووشیان هاتووە بەهۆی ئاوارەبوون و ماڵ لێ تێکچوون و ئەو ترس و دڵەڕوکێیەی کە تووشیان هاتووە.

**دەرئەنجامەکان**

لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وە دەکرێت چەند دەرئەنجامێك بەدەست بهێنین لە دیارترینیان:

1- وەرگر زیاتر پشت بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەکاتی جەنگ و کێشەکاندا.
2- تەلەفزیۆن زیاتر بەکار دەهێنرێت وەك لە ئامڕازەکانی تری ڕاگەیاندن.
3- بابەتی سیاسی زیاتر گرنگی پێدەدرێت لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەوە وەك لە بابەتەکانی تر .
4- ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە لای ئاوارەکان لە پلەیەکی بەرزدایە.
5- ئاستی شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە پەیوەندی بە جۆری کارەسات و ڕووداوەکانەوە هەیە.
6- ڕاگەیاندن نەی توانیوە ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەری شڵەژانە دەروونیەکانی دوای هێدمە.

**ڕاسپاردەکان:**

1- دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر پەیامێك دۆخی کۆمەڵگەو تاك لەبەرچاو بگرن ، بە جۆرێك بڵاوکردنەوەی پەیامەکان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگە بێت.
2- لایەنی دەروونی تاك بە هەند وەربگیرێت لە بەشی هەرە سەرەکی بەرنامەو بڵاوکراوەکاندا بێت بە تایبەت شڵەژانی دەروونی دوای هێدمە کە لە هەرە نەخۆشییە دەروونیە بڵاوەکانی ئەم سەردەمەیە لای تاکەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی کەسانی پسپۆر و شارەزاوە گفتوو گۆی زانستی لەبارەوە بکرێت، نیشانەکانی و چارەسەرەکانی بخرێتە ڕوو بۆ زیاتر شارەزابوون و ناسینی لای تاك و کۆمەڵگە.
3- دەزگا ڕاگەیاندنەکانن پەیامەکانیان بەپێی پێویستی وەرگر بێت، بەردەوام لەناو وەرگردا ڕاپرسی بکەن تاوەکو لەو جەماوەرە تێبگەن کە پەیامەکانیان ئاڕاستە دەکەن.
4- هەموو وێنە و ڤیدیۆ و پەیامێك بۆ بڵاوکردنەوە ناشێت، بە تایبەت ئەو بابەتانەی ترس و دڵەڕوکێ بڵاو دەکاتەوە لە ناو کۆمەڵدا بە تایبەت ئەو کەسانەی کە کارەساتیان بەسەرهاتووە، چونکە بە دوو بارە کردنەوە ی بابەتەکە حاڵەتەکەیان لەگەڵدا دووبارە دەبێتەوە و بەمەش لەڕووی دەروونیەوە کەشێکی نەرێنی دروست دەبێت لەلای تاك وە لە ئەنجامدا لای کۆمەڵگە.

---

[1]– قیس النوری ، الحضارة و الشخصیة،المکتبة الوطنیة،العراق،1981،ص17 ، وەرگیراوەلە توێژینەوەی (خاوەر ساڵح مستەفا، نیشانەی تێکچوونەکانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی (PTSD) لای ئافرەتە بارزانیەکانی شاڵاوی ئانفال دا ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەش بە کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سەلاحەددین کراوە، 2007،ل8).

5- **ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەجێگەیاندنی ئەرك و پرنسیپە ئەكادیمییەكەی وە لە بەرچاوگرتنی یاسای ڕۆژنامەگەری و بە لێننامەی شەرەفی ڕۆژنامە نووسی بەرجەستەی كارەكانی بكات ، بۆ دروستبوونی دۆخێكی ئارام و خۆش گوزەران بۆ تاكەكانی كۆمەڵگە.**

**پێشنیازەكان:**

1- **ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی پەیامی ڕاگەیاندن لە خولقاندنی ترس و دڵەڕاوكێ لای وەرگر.**

2- **ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە قەیرانەكاندا.**

3- **ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر جەنگی دەروونی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە.**

**سەرچاوە:**


1- انشراح الشال، مدخل الي علم الاجتماع الاعلامي، دار الفكر العربي، القاهرة، 2001.

2- تغريد فازل حسين، ڕۆڵی **بانگەشەی ڕۆژنامەوانییەكان لە دروستكردنی ئاراستەكانی ڕای گشتی لە بابەتە نیشتمانیەكاندا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی** 2010 **بە نمونە**، 2011 ، **وەرگیراوە لە توێژینەوەی ماستەری ، عمار نجم الدین هواس، پەیوەندی ڕاگەیاندن بە توندوتیژییەوە لە هەڵبژاردەكانی هەرێمی كوردستاندا، پێشكەش بە كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر كراوە**، 2015.

3- رباح احمد مهدي، كاريطتري **توندوتیژی تەلەفزیۆن لەسەر خێزانی عێراقی، وەرگیراوە لە توێژینەوەی ماستەری، عمار نجم الدین هواس، پەیوەندی ڕاگەیاندن بە توندوتیژییەوە لە هەڵبژاردەكانی هەرێمی كوردستاندا، پێشكەش بە كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر**،2011.

4- رِيَزان علي آبراهيم، هيوا عبد العزيز جميل، آعراض اضطراب الشدة مابعد الصدمة و علاقتها بآتزان الانفعالي لدي اللاجئين السوريين في مدينة اربيل،**گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان ، بەرگی** ، 19،**ژمارە** 2 ،**ساڵی** 2015.

5- ريم محمد، الصدمات النفسية لدي الاطفال اثناء الحرب، المركز الانمائي الاجتماعي، لبنان، 2003.

6- عبداللطيف حمزة، الاعلام والدعاية، بغداد، مكتبة البغداد، 1978.

7- فایەق **سەعید، پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر، دەزگای ڕۆشنبیری مارگرێت، سلیمانی**، 2016.

8- فرج محمد سعيد،البناء الاجتماعي والشخصية، دار المعرفة الجامعة الاسكندرية، 1989.

9- فلاح كاظم المحنة، علم الاتصال بالجماهير، موسسة الورق للنشر والتوزيع، عمان ، 2005.

10- قيس النوري ، الحضارة و الشخصية،المكتبة الوطنية،العراق،1981 ، وةرطيراوة **لە توێژینەوەی (خاوەر ساڵح مستەفا، نیشانەی تێكچوونەكانی فشاری دوای هێدمەی دەروونی** (PTSD) **لای ئافرەتە بارزانیەكانی شاڵاوی ئانفال دا ، نامەیەكی ماستەرە پێشكەش بە كۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەكان زانكۆی سەلاحەددین كراوە**، 2007).

11- مصطفي تركي، وسائل الاعلام ، واثرها في شخصية الفرد، مجلة الفكر ، ج4،الكويت ، وزارة الاعلام الكويتية ، 1984.

12- مصطفي شاكر سلم ، قامووس الانثروبولوجيا، مطبعة الكويت، 1988.

13- Carter, R.F., Stamm, K.R. &Heintz-Knowles, K.(1992).Agend-Setting and Consequentiality .Journalism Quarterly,Vol.69,no.4.

14- Everett M.Rogers and D, Lawrence Kincaid, (1981), “Communication Networks”.The free Press, A Division of Macmillan Co.

15- Telcott-Parsons,”The social-syatemic”, Lenesoe, the Fern Press, London, 1951.

## Abstract

This research is elicited from Ph.D. thesis entitled (the role of media in handling problems and relationship with trauma cases with refugees in Sulaimani Governorate). The most research objects are to explore why refugees reliance on the media during the war and exodus. As well as this will examine and understand the level of trauma and (PTSD) among refugees in Sulaimani governorate.

The descriptive method is used in this research to explore and analyze the factors that caused the trauma among refugees through the survey tools to collect the data for the study. This is to reach the point to achieve the result and present a recommendation to resolve the problems.

This research is the practical media psychology study to explore the trauma among refugees .The research community for this study is all 3880 refugee families according to formal statistics whom they settled in Sulaimani Governorate camps like Qoratw, Tazade in Kalar. Ashty, Arbat, Barznja and Sitak. The research sample is 418 refugees which are consist of %10.77 out of total number using SPSS program to analyze the data.

The 75 question questionnaires have been outlined to collect and information from research sample. The questionnaire has been divided into some parts. The questionnaire distributed on some journalism, sociology and psychology experts and lecturers, they approved the questionnaire after some amendments.

This research used SPSS to analyze the data, this research concludes some outcomes that audiences will reliance on the media to receive information during the war and crises; Television is most uses means among other mediums. The refugees have cared about political issues rather than other matters. The level of trauma after the shock among refugees is high. The level of trauma is associated with a type of disaster and incidents. The Media cannot play a role to solve trauma after the shocks. At the end the research presents some recommendation and suggestions.